بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
126
10 ی شوبات/ فێبریوەری 2026



## رووداوەکانی کوردستانی سوریا و پرسی کورد!

موحسین کەریم

روداوەکانی رۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕابردوو لەنێوان حکومەتی ئیسلامی- داعشی سوریا بە سەرۆکایەتی ئەحمەد شەرع( محمد جولانی) و هێزەکانی هەسەدە کۆمەڵێک دەلالاتی سیاسی گرنگی لەئاستی سوریاو کوردستانی سوریا و مەسەلەی کورد دا خستەروو.
ئەمریکا کە لەدوای بەرەنگاری قارەمانانەی خەڵکی کۆبانی دژی هێرشی دڕندانەی تیرۆریستانی داعش لەژێر سەرکردایەتی هێزەکانی پەیەدەدا، کە هاوکات لەلایەن جەماوەری ئازادیخوازی ناوچەکەو جیهانەوە پشتیوانی لێکرا، جێگاو ڕێگای پەیەدەی لە ستراتیژی خۆیدا لە سوریا و لە جەنگی بەناو دژی تیرۆردا بۆدەرکەوت، سەرباری نارەزایەتیەکانی تورکیا، هاوپەیمانی لەگەڵ پەیەدەدا ڕاگەیاند، سەرەڕای ئەوەی پەیەدەی بە درێژکراوەی پەکەکە لە سوریادا دەزانی و پەکەکەش لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی تۆمارکراوە! هەر بە ڕێنمایی و بڕیاری ئەمریکا چوارچێوەیەکی سەربازی نوێیان بۆ ئەو بەرەیە دروستکرد لەژێر ناوی هێزەکانی سوریای دیموکرات ( هەسەدە)دا.
ئێستا کە دەسەڵاتەکەی ئەحمەد شەرع، بەهەموو شێوەیەک ئامادەیە کە ببێتە بەشێک لە جێبەجێکاری ئەجندا سیاسیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و هاوکات هەموو جۆرە سازشێکی بۆ ئیسرائیل کردوە، ئیتر بۆ ئەمریکا، دەسەلاتێکی لەوجۆرە، با پاشخانی تیرۆریستی هەبێت و بگرە هێشتاش بە هەمان شێوازی تیرۆریستیەوە پەلاماری خەڵک بدات و سەرکوتیان بکات، مادام لەناو ئەڵقەی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکادا

بۆ لاپەڕە ٢



## کێ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق؟

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە ئەزموونی ڕۆژئاوا، بزوتنەوەیەکی ناکۆک بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٥



## بەڵگەنامەکان: لە ئێستینەوە تا ویکیلیکس، پەنەما و پاندۆرا، یەک ناوەڕۆک و چەند ڕوخسار!

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ٦

## هەسەدە و شەرع لە ڕێکەوتنێکی ئاڵۆزدا

عوسمانی حاجی مارف ... لاپەڕە ٨



## پێگە و ئاسۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەدڵی گۆڕانکارییەکاندا

توانا محەمەد نوری

بۆ لاپەڕە ١٠

## بەیاننامەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان دەربارەی مەسەلەی کورد

.... لاپەڕە ١١

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی........ روداوەکانی کوردستانی سوریا و پرسی کورد!

جێگای بۆ خۆی گرتوە، مەقبولیەتێکی زیاتری هەیە وەک لە هەسەدە، کە مایەی نیگەرانی و گلەیی دەوڵەتێکی گرنگی خاوەن پێگەی ستراتیژی وەکو تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکایە. بۆیە وەکو تۆم باراکی نێردەی ترامپ بۆ سوریا ڕایگەیاند :"ئەمریکا قەرزاری هەسەدە نیە! ئەوان لە شەڕی داعشدا هاوپەیمانی ئەمریکابوون و بەهەموو جۆرێک هاوکارییان کراوە! سەرەنجام لە کۆبونەوەی هەولێردا، بەروونی ئەو پەیامەیان بە مەزلۆم عەبدی ڕاگەیاند کە ئیتر دەوری ئەوان کۆتاییهاتوە و دەبێ بەپێی مەرجەکانی سوریا و تورکیا رازی بن بەوەی هێزەکانیان و دەسەڵاتی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان ڕادەستی دەوڵەتی ناوەندی سوریا بکەنەوە!

ئەوەی کە ئەو پیلانەی پووچەڵ کردەوە، ئەوەبوو کە سەرکردایەتی هەسەدە و یان دروستتر بڵێین هێزەکانی پەیەدەو یەپەژە، سەرباری ئامادەیيان بۆ چۆڵکردنی ناوچەکانی ڕەققەو تەبقە و کشانەوەی هێزەکانیان بۆ ناوچەک کوردنشینەکان، بەڵام بڕیاری بەرەنگارییان دا دژی هێرشی سوپاکەی سوریا کە بەهەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو دژی هەسەدە تەیار کرابوون. بڕیاری بەرەنگاری هەسەدەو ئامادەیی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان بە ژن و پیاوەوە بۆ وەستانەوە دژ بە هێرشی تیرۆریستانی شەرع، لەلایەک و ئەو هاوسۆزیەی کە لەلایەن هاوڵاتیانی کوردزمانەوە لە ئاستی ناوچەکەو جیهانیشدا بۆ بەرەنگاری خەڵکی کوردستان نیشان درا، سەرباری پشتیوانی بەشێکی بەرچاو ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستان و سۆشیالیستەکان، دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانە قێزەونە.

ئەم روداوە سیاسیە گرنگە ئەوەی سەلماند کە ئەگەرچی هەمیشە پرسی کورد وەکو کەرەستەیەک و فاکتەرێکی مامەڵەی سیاسی لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکانەوە و بەتایبەتی ئەمریکا بەدەستەوە دەگیرێ، بەڵام بزوتنەوە سیاسیەکانی ناسیۆنالیزمی کورد هەمیشە دەبنەوە بەو هۆکارەی کە ئەم پرسە بەوجۆرە ساتوسەودای پێبکرێ بەبێئەوەی یەکجاریش دەرسی لێوەربگرن! وەکو بزوتنەوەی بارزانی ساڵی ١٩٧٥، کارەساتی ئاوارەبوونی ساڵی ١٩٩١ دوای ئەوەی ئەمریکا بەدوای ڕێکەوتنی سەفوان دەرفەتی دا بە هێزەکانی سەدام بۆ هیرشکردنە سەر شارەکانی خواروی عێراق و کوردستان، و دواتریش لەکاتی ریفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠١٧ ئەمریکا بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە ئامادەنین بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی پشتیوانییان بکەن. تەنانەت ئەوەی لە کوردستانی سوریا رویدا، هەمان سیناریۆی کۆن بوو بەو جیاوازیەوە کە هەم خەڵکی کوردستانی سوریا ئامادەبوون بە گیان و ژیانی خۆیان پارێزگاری لە خۆیان و دەسکەوتەکانیان بکەن و هەم هەسەدە کە ئەو ئامادەییە جەماوەریەی لە پشتەوە بوو، ئامادە نەبوو هەموو هێلکەکانی بکاتە سەبەتەکەی ئەمریکاو تۆم باراکەوە.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ کە دەبێ ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە روداوەکانی کوردستانی سوریا یەک راستی دیکەی نمایش کردەوە، ئەویش خاسیەتی ناوچەیی کێشەی کوردە. بوونی کێشەی کورد لە چوار وولاتی ناوچەکەدا وەکو مەنسوری حیکمەت دەڵێت:" خاسیەتێکی پێچیدەو ئاڵۆزی داوە بەم مەسەلەیە"! ئەو هاوسۆزیەی کە لە شارەکانی کوردستانی عێراقەوە بۆ خەڵکی کوردستانی سوریا نیشاندرا، ئەو هەست و شعورەیە بەرامبەر بەو ستەمە کە لە کورد دەکرێ. ئەگەرچی لە کوردستانی عێراقدا ئێستا ستەمێک بەناوی ستەمی نەتەوایەتیەوە لەسەر کورد نیە، بگرە خودی خەڵکی کورد لانی کەم لە هەرێمی کوردستان لەژێرسایەی دەسەڵاتی کوردایەتیدا سەرەتاییترین مافیان لێزەوت دەکرێ، تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە خەڵک کە نارازین بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، واتە دەسەلاتی کوردایەتی و خوازیاری لەناوچوونین، بەڵام ئەو کارەساتەی کە روبەرووی کوردستانی سوریا بوەوە، دوبارە دەمەزەردی هەست و ئیحساساتی کوردایەتی کردەوە و یەکێتی و پارتیش وەکو دوو حزبی کوردایەتی لەونێوەدا ئیمتیازای سیاسیان بەدەستهێنا و بەرامبەر بە خەڵک پێشرەویەکیان بۆخۆیان تۆمارکرد!

بۆیە ئەم ڕاستیە ئەوە دەسەلمێنێ کە تا کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئینسانی و سیاسی چارەسەر نەکرێ، ئەویش بەوەی کە بڕیاری سیاسی بدرێتە دەستی خەڵکی کوردزمان لەو وولاتانەی کە کوردیان لێدەژی، کە بڕیار لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان بدەن بۆ پێکەوە ژیان یان جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، هەمیشە دەرگا کراوەیە بۆئەوەی ناسیۆنالیزمی کورد، سەرباری بۆگەنبوون و دەرکەوتنی ماهیەتی بۆرژوازیانەو چەوسێنەرانەی بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کەمدەرامەت، خۆی وەکو نوێنەری مەزلۆمیەتی خەڵکی کورد نیشان بدات و هەرجۆرە چارەسەرێکی نیوەناچڵی وەکو فیدراڵیزم و لامەرکەزی و ...تاد. ناتوانێ ئەم فایلە بپێچێتەوەو دایبخات!

# کێ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق؟

عوسمانی حاجی مارف

بەردەوامی ڕکابەری نێوان مالکی و سودانی بووە هۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیناریۆی حکومەتێکی کۆدەنگی لاواز، هەوڵەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی زیاتر لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان دەچێت، نەک چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

هاوپەیمانی سیاسی شیعە لە دەورانێکی خراپدا نوقم بوون، تا ماوەیەکی زۆر نەیانتوانی لەسەر کاندیدێکی کۆدەنگی بۆ سەرۆکوەزیران ڕێکبکەون، ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی ئەو دابەشبونە قووڵانەیە، لەناو ئەو هاوپەیمانیەدا کە لەرووی دەستوریەوە ئەرکیان سەرکردایەتیکردنی پێکهێنانی حکومەتە، دوای چەند هەفتەیەک لە پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، ناکۆکی ناوخۆییان هەڕەشەی درێژکردنەوەی بۆشایی حکومەتی دەکرد.

ئەو چەقبەستنەیان بەجیا لە کێشە ناوخۆییەکانی نێو لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، بەپلەی یەکەم، لەسەر ڕکابەریە توندەکەی نێوان سودانی و مالکیە، کە مالکی کاریگەریەکی بەرچاوی لەناو هاوپەیمانیەکەدا هەیە، ململانێکان زیاتر شەڕی دەسەڵات و دیدگا جیاوازەکانە سەبارەت بە پێکهاتنی حکومەت، کە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کوتلە چەکدارەکان و ڕۆڵی ناوچەیی عێراق لەخۆدەگرێت.

پێشتریش لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥دا، چوارچێوەی هەماهەنگی خۆی وەک گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی ڕاگەیاند، کە بەپێی لێکدانەوەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بۆ دەستووری عێراق، مافی پێکهێنانی حکومەتی داهاتویان هەیە، بەڵام سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لەسەر کاندیدێکی نوێ بۆ سەرۆک وەزیران ماوەیەکی زۆریان تێپەڕاند تا ڕێکەوتن.

لەکاتێکدا سەرکردەکانی چوارچێوە، هەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکیە ناوخۆییەکان و کۆنترۆڵکردنی ڕکابەری نێوان مالکی و سودانی ئەدەن، هەموو ئەو ناوانەی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان خرانەڕوو، مانۆڕێک بوو بۆ کڕینی کاتێکی زیاتر، بەڵام لە واقعدا کێبڕکێ لەسەر ئەو پۆستە تەنها لە نێوان سودانی و مالکیدا سنووردارکراوە.

هۆکاری سەرەکی ئەو بنبەستە سیاسیانە، بەهۆی ڕکابەری نێوان سودانی و مالکیەوە بەردەوامی هەیە، کە هەردوکیان بڕیاریان داوە بە هەر شێوەیەک بۆیان سەربگرێت پۆستی سەرۆک وەزیران وەربگرنەوە، هەریەکەیان لایەنگری خۆیان هەیە و لە لایەن هەندێک لایەنەوە ڕووبەڕووی دژایەتی دەبنەوە.

مالکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، کاریگەریەکی بەرچاوی لە دیمەنی سیاسی عێراقدا هەیە، حاشا هەڵنەگرە مالکی وەک یاریزانێکی سەرەکی، لە زۆر بابەتی ناو هاوپەیمانی سیاسی شیعەدا دەمێنێتەوە، پێگەیەکی تایبەتیشی لە ناو لایەن و هێزە شیعەکاندا هەیە.

هەرچەندە مالکی، بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی داهاتوو کاندید کراوە و لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەکەدا کۆمەڵێک لایەنگری هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا دژایەتیەکی بەرچاویشی هەیە، وەک قەیس خەزعەلی و هەندێک سەرکردە و کوتلە چەکدارەکانی دیکەی شیعە لەخۆدەگرێت.

کەسانێک هەن لە چوارچێوەی هەماهەنگی نارەحەتن بە کاریگەری مالکی، هەروەها نارەزایەتی دەردەبڕن لە کۆنترۆڵکردنی مالکی بەسەر زۆر شتدا، ئەوان نایانەوێت ئەو پۆستەی پێبدەن، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەزمونی پێشینەی کە سەرۆکوەزیرانی عێراق بووە، کە پڕە لە هەڵەی گەورە.

کاریگەری مالکی لە تۆڕی بەهێزی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دامەزراوە ئەمنی و سیاسیە کاریگەرەکانی ناو حکومەتدا سەرچاوە دەگرێت، هەروەها پەیوەندیە بەرفراوانەکانی لەناو دەسەڵاتی دادوەری عێراقدا، بەتایبەتی پەیوەندیە نزیکەکانی لەگەڵ فایق زیدانی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، هەروەها بنکەیەکی تارادەیەک فراوانی پشتیوانی لەنێوان شیعە توندڕەوە کۆنەپەرستەکان لە بەغدا و باشوور هەیە، هەروەها بەهرەمەندە لە پەیوەندی نێوان گروپە هۆزیەکان و هەندێک لە کوتلە چەکدارەکانی وەک لیواکانی سەید شوهەدا.

مالکی تاوانبار دەکرێت بەوەی کە دەوری هەبووە لە گەورەکردنی گرژی و شەڕی تائیفی نێوان سوننە و شیعە، وڵاتەکەی لە دۆخێکی گەندەڵی بەربڵاو و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی و بێکاریدا بەجێهێشتووە.

مالکی بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی سەرۆکایەتی حکوومەتی داهاتووی دەکات، پێیوایە مافی خۆیەتی لەم پۆستەدا بەردەوام بێت تا ئەوکاتەی کۆتایی بە ژیانی سیاسی خۆی دەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت گەڕانەوە بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران بەبێ ڕەزامەندی هەردوو واشنتۆن و تاران کارێکی قورسە.

مالکی لەم دواییانەدا هەوڵی ناردنی پەیامی ناڕاستەوخۆ و نهێنی بۆ واشنتۆن داوە، بۆئەوەی ئیدارەی ترەمپ قەناعەت پێبکات کە ئەگەر ئەو پۆستەی پێبدرێت، دەتوانێت پرسی چەکداماڵینی گروپە چەکدارەکانی عێراق چارەسەر بکات!.

ئەوەی شایانی باسە بەگشتی واشنتۆن ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیە مالکی ببێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق، چونکە دەزانێت دڵسۆزی سەرەتایی ئەو لەگەڵ ئێراندایە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کوتلە چەکدارەکانی عێراق نیە و ئامادە نیە ئەو کارە ئەنجام بدات، بۆیە لەهەمانکاتدا ئێرانیش لەم دۆخەی ئێستادا، دودڵی هەیە لەسەر ئەوەی کە پاڵپشتی پێویست بکات، بەوەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران بە مالکی بدرێت یان نا.

ئەگەر مالکی فرسەتی بەدەستهێنانی ئەو پۆستەی نەبێت، هەوڵ ئەدا ڕێگە لە سودانی بگرێت، تانەتوانێت پاڵپشتی هەندێک فراکسیۆن لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا بەدەست بهێنێت، تەنانەت ئەگەر مالکی ئەو پۆستەی وەرنەگرێت، هیچ کاندیدێکی تر پەسەند ناکات، گەر پەیوەندی بە خۆی و یەکێک لە لایەنگرانیەوە نەبێت، بۆئەوەی پاپەندبونیان بەخۆیەوە لە حکومەتی داهاتوودا مسۆگەر بکات.

دوایین کۆبونەوەی هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، کە لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمی ٢٠٢٥دا لە ماڵی هادی عامری بەڕێوەچوو، هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی نەبووە لە بڕیاردان لەسەر کاندیدێک بۆ سەرۆکوەزیران، بەهۆی داواکاریە زۆرەکانی گروپە چەکدارەکانەوە، کە نزیکەی ٨٠ کورسی پەرلەمانیان مسۆگەر کردووە، بەدوای کۆنترۆڵکردنی چەند پێگەیەکی هەستیاری ئەمنی و وەزارەتێکی سەرەکیدا، دۆخی کارەکان ئاڵۆزتر بون، گرووپە چەکدارەکان سەرەڕای فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، پێداگرن لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیرانێک دەکەن کە پشتیوانیان لێبکات.

دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و دوو جێگرەکەی، وەها پێشبینی دەکرا هاوپەیمانی لە ئاییندەیەکی نزیکدا توانای چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکوەزیرانیان نەبێت و کێشەکان لەناو هاوپەیمانیدا خراپتر دەبن، هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە تا ئەوکاتەی بڕیار لەسەر کاندیدبونی مالکی بڕانەوە، بە جۆرێک بەبنبەست گەیشتبون، بۆیە سیناریۆی گەیشتن بە کاندیدێکی کۆدەنگی بەدوور دەزانرا، لە کۆتاییدا هەرچەندە لەسەر مالکی ڕێکەوتن، بەڵام مانای ئەوە نیە یەکەم: پێکهێنانی حکومەت بە ئاسانی تێپەڕیت. دووەم: گەر حکومەتیش پێک بێت دەورانێکی پڕ بە کێشەو ناسەقامگیری بەرەو ڕوو دەبن. پێشبینی ئەوەی ئایا مالکی دەتوانێت ئەم دۆخە بەسەلامەتی تێپەڕێنێت؟، پێشبینیەکی قورسە.

هەڵبەتە کاریگەری دۆخی ئێستای ناڕەزایەتیەکانی ئێران و بارگژی لە ناوچەکەدا و لاوازی پێگەی ڕەوتی شیعە، گومانی تیا نیە کە سایە دەکاتە سەر هێز و لایەنە شیعەکانی عێراق لەمانەوەی کێشەکانی نێوانیان، ئەو دۆخی بارگرژیە کاریگەری جدی لە سەر بەڕێوەبردنی حکومەتی بەغدا دادەنێت، کە بە ناچاری دەکەوێتە بەر هەڕەشەی زیاتری بنبەستێک، کە ڕێکەوتنی تەواوی لایەنەکان، دوای بڕیاردانیش لەسەر مالکی بۆ پێدانی پۆستی سەرەک وەزیران، کاریگی سەخت دەبێت، لە پیکهێنانی حکومەتێکی یەکدەست، کە چەندین ساڵە نمونەی ئەزمونێکی تەواو نەرێنی و پرگێژاویان نیشانداوە.

هەرچەندە لە دواجاردا، چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێکەوتن لەسەر کاندیدبونی مالکی بۆ سەرۆکوەزیران، بەڵام مانای کۆتاییهێنان بە کێشەکانی نێوانیان نیە و تارمایی ئایندەکی نارۆشن لەسەر دۆخی عێراق و پێکهێنانی حکومەت سایە دەکات! بەتایبەتی لە ئێستادا کە ترەمپ هەڕەشە دەکات لەسەر بونی مالکی بە سەرۆک وەزیران، هەر ئەم هەڕەشیە ناکۆکی خستۆتە نێوان لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، بۆیە جارێکی تر پیداچونەوە بە کاندیدبونی مالکیدا دەکەن، پێکهێنانی حکومەتی ئێستای عێراق لە چاوەڕوانی دیاریکردن و یەکلاییبونەوەی سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆماردا گیری کردووە!

★

## لە بەرنامەی "دنیای باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە،

## یەکسانی ژن و پیاو

یەکسانیی تەواوی مافەکان و جیۆشوێنی یاسایی ژن و پیاو لەخێزاندا. هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاو وەکو"سەرپەرشتیاری خێزان" و دانانی ماف و ئەرکی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەپەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منداڵ، کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و موڵک و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، کاری ناوماڵ و پیشەیی، تەڵاق، سەرپەرشتیکردنی منداڵانی ساوا لەحاڵەتی جیابوونەوەدا و بەشکردن و خاوەندارێتیکردنی ماڵوموڵکی خێزان. قەدەغەکردنی فرەژنی. قەدەغەکردنی سیغە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی لە شەرع و دابونەریتە کۆنەکاندا بۆ ژن بەرامبەر بە پیاو دیاریکراوە و دەبنە مایەی پەخسیربوونی، قەدەغەکردنی پەیوەندیی جنسیی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا بەبێ مەیلی ژن، تەنانەت ئەگەر بەبێ توندوتیژیش بێت. لە حاڵەتی شکاتکردنی ژنەکەدا دەبێ ئەم کەیسانە وەکو دەستدرێژیی جنسیی لەلایەن مێردەکەیەوە پەیگیری بکرێ و دادگایی بکرێ. قەدەغەکردنی سەپاندنی کاری ناوماڵ یاخود ئەرکی تایبەتیی ماڵداریی بەسەر ژنان لە خێزاندا. دانانی سزای قورس بۆ هەرجۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژیەک لەدژی ژنان و کچان لە خێزاندا.

........................................................

# پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە ئەزموونی ڕۆژئاوا، بزوتنەوەیەکی ناکۆک بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی!

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

بەدوای هێرشی سوپای سوریا، بە هاوکاری تورکیا و هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا، بۆسەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریا و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری... بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری لە دژی لەشکرکێشی و بۆ بەرگری لە خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا، لە سەراسەری کوردستان بەرپکەوت و لە ئاستی جیهانیشدا هاوسۆزی بۆ بەرگری لە ئەزموونی کوردستانی سوریا، خۆی نیشاندا.

چ هێرش بۆسەر ناوچە کوردنشینەکان و چ ئەم هاتنە مەیدانە جەماوەرییە فراوانە، لەکاتێکدا بوو، کە ئەمریکا و وتەبێژەکەی دوای ڕێکەوتنی پارس رایانگەیاند، کە هاوکارییان لەگەڵ هەسەدە کۆتاییهاتووە، دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع بۆتە بەشیک لە هاوپەیمانیەتی لە دژی داعش!، بەڵام نە لێدوانی ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی هاوکارییەکانی ئەمریکا و نە هێرشی سوپای سوریا و هاوبەشەکانی بێوەڵام نەمایەوە.

"نا" وتنی هەسەدە بەسیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی ئەمریکا و ڕیکەوتنی لەگەڵ ڕژێمی سوریای تازەی داعشی بە یاساییکراو! و پشت بەخۆ بەستن و خۆجوتکردن لەگەڵ ئیرادەی سیاسی و خۆراگری خەڵکی کوردستانی سوریا، لەلایەکەوە نیشانیدا، کە چارەنووسی بزوتنەوە سیاسیەکان تەنها بەدەست ئەمریکا و غەرب و هاوکارەکانیان نییە، بەڵکو بە پشتبەستن بەبریاری سیاسی و ئیرادەی لەخوارەوەی جەماوەرەی، دەکرێت هەژموون و بریاری سیاسی ئەم زلهێز و جەمسەرە ناوچەییانە، مایەپوچ بکات و لەلایەکی تریشەوە راوەستاویی و تەسلیم نەبوون، بووە مایەی ئیرادەبەخشین بە خەڵکی بەشەکانی تری کوردستان، کە بێنە سەر شەقامەکان و پشتیوانی لە بەرگری و خۆراگری جەماوەرێک بکەن کە پێشتر لمۆزی داعشی تێکشکاندووەو ئێستاش ،نایەوێت مل بەدەسەڵاتێکی داعش ئاسای تازەی ژێر سایەی جۆلانی بدات.

هاتنەمەیدانی فراوان و جەماوەری خەڵکی بەشەکانی تری کوردستان و هاوسۆزی جیهانی لەگەڵ خەڵکی کوردستانی سوریا، لە بنەرەتدا بەرگریی بوو لەو ئەزموونەو لەو ماف و ئازادییانەی جیگیرکراون، لەگەڵ وەستانەوە بەرووی دەسەڵاتێکی شێوە داعشی نوێ، کە موبارەکەی ئەمریکا و غەربی لەپشتە.

ئەگەر کوردبوون مایەی جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتی لە ئاستی بەشەکانی تری کوردستان بێت و ئەم نارەزایەتییە فراوانە جەماوەرییەی هاتە سەرشەقامەکان، ڕەنگدانەوەی بەرجەستەوەبوونی پرسی کورد بێت لە ئاستی ناوچەکەدا، هاوکات پرسی وەستانەوە بەرووی دەسەڵاتێکی قەومی و ئیسلامی و شێوە داعشی شەرع، بەرژەوەندخوازی ئەمریکا و غەرب، بەرگری لە ئەزموونێک بە ئەڵگۆیەکی نوێ، لە رەتکردنەوەی دەسەڵاتی دین و کۆنەپەرستی، بەرگری لە مافی ژنان و دەرکردنی بەڵگەنامەی یەکسانی ژن و پیاو، بەرگری لە مافە فەردی و مەدەنیەکان لایەنێکی تری هاتنە مەیدانی جەماوەری خەڵکی کوردستان و سەرچاوەی راکێشانی هاوسۆزی و هاوپشتی لە ئاستی جیهانیدایە.

ئەم ئەزموونە سەرباری هەموو لاوازیی و کەم و کورتییەکانی، خەریکە لە ئەزموونێک واوەتر دەروات و دەبێتە ئەمری واقعێکی دانپیانراو، کە تیایدا چیتر ناتوانرێت پرسی کورد لەسوریادا وەکو ٨٠ ساڵی رابردوو حاشای لێ بکرێت و ستەمی سەر خەڵکی کورد زمان، بەشێوەی پێشوو بەردەوام بێت. بەرەسمی ناسینی پرسی کورد، وەکو واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگر لەسوریادا، بەفەرمی ناسینی مافی خوێندن و دانان بە بەمافی هاوڵاتی بوونی یەکسان! دانان بە مافە کەلتورییەکان... کە لە دواین ڕیکەوتنی نیوان دەسەڵاتی سوریا و هەسەدا... هاتووە، ئاڵوگۆڕیکی ئەرێنی و گەرانەوەی بۆ دواوە سەختە.

بەرگری خەڵکی کوردستانی سوریا لە ئەزموونی سیاسی خۆیان و ئەو شیوە لە بەڕیوەبەرێتی و دەستگیر بوون لە زۆرێک لە مافی فەردی و مەدەنی ئازدیخوازانە، کە قابیلی بەراورد بە دەسەڵاتی نەگریسی ئەسەدی لە گۆڕنراو و داعشی ئەحمەد شەرع نییە، تا دەگاتە پیداگریان لەسەر ڕەوایەتی جەنگ لەدژی داعش و هاوشیوکانی، بووە مایەی هیز بەخشین و پشت نەچەمانەوە لە گەمەی بەرژەوەند خوازی زلهێزەکان و جەمسەرە ناوچەیی و دەوڵەتە ملهورەکان.

ئەزموونی رۆژئاوا بە پێچەوانەی ئەزموونی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە عێراقدا، ئەزموونێکی جیاوازە و جەماوەری ناوچە کوردنشینەکان، ئەو ئاستە لە بوونی پەراوێزەکانی ئازادی و ماف و خۆبەڕیوەبەری، بەرەنگاری، بە دەستکەوتی خۆیانی دەزانن بۆیە

هیندەی دەتوانن ئامادەن بەرگری لێبکەن و دەستکەوتەکانیان بپارێزن.

ئەو جەماوەرە بەرین و فراوانەی لە بەشەکانی تری کوردستان و لە ئاستی جیهانیدا بۆ پشتیوانی لە ئەزموونی رۆژئاوا هاتنە مەیدان، تا ڕادەیەکی زۆر خۆشباوەییان بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی رەویوەتەوە و بەسەرچاوەی دوبەرەکی، برسێتی، بێموچەیی، نۆکەر پیشە، سەرکوتگەر، دواکەوتووی، دژی دژە ژن و ئازادی، دژی مافی هاولاتی بوون...تاد، دەزانن. ناسیونالیزمی کورد لە عێراقدا خاوەن ئەزموونێکی یەکجار نەنگینە و هەرچەند هەوڵ بدات ناتوانێت، خۆی لەگەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازنەو ئینساندۆستی جەماوەری بگونجێنێت کە بەرگری لە ئەزموونی رۆژئاوا، لە بەرامبەر دەسەڵاتی داعشی ئەحمەد شەرع دەکەن. تەنانەت ئەو جەماوەرە ئازادیخوازە نەک ئامادەی بەرگری لە دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە عێراق نین، بەڵکو لە سێ دەهەی رابردوودا، بە هاتنە مەیدان و لە بزوتنەوە نارەزایەتیەکانیاندا نیشانیان داوە، کە دەیانەوێت رایبماڵن و کۆتایی بەدەسەڵاتیان بهێنن.

ناسیونالیزمی کورد لە عێراقدا، دەیانەوێت خۆیان بەو بزوتنەوە جەماوەرییە ئازادیخوازەوە هەڵبواسن و مێدالیای بەرگری لە ئەزموونی رۆژئاوا لە بەرۆکی خۆیان بدەن، لەکاتێکدا لەبەرامبەر بەو جەماوەرەدا کە بۆ نان و موچە و خزمەتگوزارییەکان و ئازادییەکان، هاتوونەتە مەیدان بە چەک و خوێنرشتن وەڵامی داوەتەوە، دەستی ناوەتە ناو دەستی کۆنەپەرسترین هیز و رەوتی ئیسلامی و داعشی، نۆکەرپیشەیی کردووە بە عادەت. خۆبەستنەوەی بە سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو غەرب کردۆتە بەردەبازی بەدەسەڵات گەیشتن و مانەوەی خۆی، فۆرم و ئەلگۆی دەسەڵاتی حزبی و بنەماڵەیی وەکو میراتێکی پڕتوکاوی ماوە بەسەرچوو، دەمەزەرد کردۆتەوە. بۆ بەرگری لەم فۆرم و دەسەڵاتەش لەلایەکەوە دەستی بردوە بۆ قوتی هاولاتیان و داهاتی گشتی کۆمەڵگەو لەلایەکی تریشەوە، میلیشیای حزبی بۆ سەرکوتی بزوتنەوەی نارەزایەتی و جەماوەری سازداوە. هەرێمی کوردستانی کردۆتە دوو بەشی لێکجیاواز و دوو جغرافیایی لێک دابڕاو لەسەر بنەمای قەڵەمرەوی حزبی.

بزوتنەوەی فراوانی جەماوەری خەڵکی کوردستانی عێراق کە بۆ پشتیوانی لە ئەزموونی رۆژئاوا هاتنە مەیدان، هەر دەرفەتێکی بۆ بێتە پێش بۆ راماڵینی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی کەڵکی لێوەردەگرێت و دەیەوێت ئەو مۆتەکەیە لەسەر ژیان و گوزەرانی وەلابنێت. هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێکی بەرجەستە لە دۆخ و ژیانی و گوزەرانی خەڵک و هەر ئایندەیەکی باشتر بۆ دۆخی سیاسی کوردستان و ئاییندەی پرسی کورد، لە گرەوی راماڵینی ئەو دەسەڵاتە حزبۆکراتی و میلیشیایی و بنەماڵەیەدایە.

☆

---

# بەڵگەنامەکان: لە ئێپستینەوە تا ویکیلیکس، پەنەما و پاندۆرا
# یەک ناوەرۆک و چەند روخسار!

**نوری بەشیر**

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە هەلومەرجی ڕوودان و ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکانی "ئێپستین" بدەینەوە، دەرگا بە ڕووی ئەو ڕاستییەدا دەکاتەوە کە لە سیستەمی جیهانیی ئەمڕۆدا، ئەگەر قووڵتر بڕوانین و تەنیا سەیری ڕووکەش و چاوی میدیاکانی ئەمڕۆو لە فەزای زاڵی چینی دەسەڵاتی ئەمڕۆ دەرچین، دەتوانین ڕاستییەکانی پشت ئەم دۆکۆمێنتانە بناسینەوە کە دەرخەری چ راستی و چ واقعیەتیەکە، لەبەرئەوەی تا ئێستا ئەوانەی دەوترێت و وتراوە لەسەر بەڵگەنامەکان چ ئەمەی ئێپستین تا ئەوانەی پێشترو ئەوانەی رۆژانە ڕوودەدەن، دەرخەری ناوەرۆکی راستیەکان و خودی بەڵگەنامەکانیش نین.

ئەم ڕووداوەی کە ئەمڕۆ هەواڵەکانی جیهانی داگرتووە، درێژکراوەو ناوەرۆکی هەمان زنجیرە کارەساتێکن کە هێزو سامان و تواناو کەسایەتی گەورەی حکومەتی لەپشتەوەیە، ناوەرۆکی هەموو ئەو بەڵگەنامەی وەک "ویکیلیکس، پەنەما و پاندۆرا" و ڕووداوە جیهانیەکانی رۆژانە کە خاڵی هاوبەشی تێدایە ئەو راستیە دەخاتەڕوو و دەکرێت جارێکی کە بەکورتیش بێت ئاماژەیان پێبکەین.

با بەخێراییەک خوێنەران بگێڕینەوە بۆ زنجیرە مەلەفێک یان بەڵگەنامەیەک کە بە دەیان ملیۆن لاپەڕەی لێبڵاوبۆتەوەو کەوتۆتە بەردەم کۆمەڵگای بەشەری و ئەو بەڵگانەی پێشوو چیان لێهات، کە تاوانباران هەمان دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانن، لەژێر سایەی دەسەڵاتدارێتی ئەواندا ئایا ٦ ملیۆن بەڵگەنامەی ئیپستینیش بە هەمان دەردی ئەوان نارِوات؟.

- ویکیلیکس: لە ساڵەکانی

٢٠١٠ – ٢٠١١ دا بەسەدان هەزار مەلەفی سەربازی و دیپلۆماسیی نهێنیی ئەمریکا و وڵاتانی تری سەرمایەداری ئاشکرا کرد، لە پێشێلکاری و کوشتار.

- بەڵگەنامەکانی پەنەما: لە ساڵی ٢٠١٦ دا نزیکەی ١١.٥ ملیۆن بەڵگەی لەسەر دزی، تاڵانکاری و پێشێلکردنی یاسا لەلایەن سەرانی حزبە بۆرژوازییەکان و دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانەوە بڵاوکردەوە.
- بەڵگەنامەکانی پاندۆرا: لە ساڵی ٢٠٢١دانزیکەی ١٢ ملیۆن فایلی لەسەر سامانی هەزاران ملیۆنێر و ملیاردێر و سەرانی حزب و دەوڵەتەکان و بازرگانەکان ئاشکرا کرد؛ ئەوانەی کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیان بەتاڵان بردووەتە دەرەوەی وڵات، لە کاتێکدا %٩٩ی کۆمەڵگە لە ژیانێکی مەمرەومەژیدا دەژین.

ئەم بەڵگەنامانە دەریانخست چۆن ئەم دەسەڵاتدارانە بە ناوی "کۆمەک بۆ خەڵک" پارە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەردەگرن، بەڵام بۆ کڕینی کۆمپانیا، خانووبەرە و کێڵگەی تایبەت بۆ خۆیان و خێزانەکانیانی خەرجی دەکەن.

بە ملیۆن لە بەڵگەنامەکانی ڕووداوەکانی تری جیهان کە لەم دەیەیەی ئەخیردا کە ڕۆژانە ڕوویانداوە لە کۆمەڵکوژی و بازرگانی بەژنان و ئاوارەیی و لە سێدارەدان کە لەلایەن؛ جمهوری ئیسلامی ئێران، داعش، بۆکۆحەرام، شەبابی سۆماڵ، حکومەتی ئیسرائیل، سوریاو تورکیاوە ئەنجامدراوە، میدیاکان حکومەتان و سەرمایەدارانی جیهان لە پشتیانەوە بوون، وە بێدەگەیان لێکردوون.

بەڵگەنامەکانی ئێپستین (٦ ملیۆن بەڵگە کە تا ئێستا ٣ ملیۆنی خراوەتە ڕوو)، پاش دەستگیرکردنی "جێفری ئێپستین" لە ساڵی ٢٠١٩ دا بۆ دووەم جار، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەژێر دەستی (FBI)و وەزارەتی دادی ئەمریکادا بە نهێنی مانەوە تاوەکو لە جەنیوەری ٢٠٢٦ بڵاوکرانەوە. دەتوانرێت بوترێت تەنیا %٢٥ی بڵاوکراوەتەوە، ئەویش بەشێوەیەک کە زیان بە سەرۆک و سەرمایەدارە گەورەکان نەگەیەنێت. مردنی تەمومژاویی ئێپستین لە زینداندا، زیاتر گومانی ئەوەی دروست کرد کە مەبەست لە شاردنەوەی ناوی ئەو کەسایەتییە باڵادەستانەیە کە تێوەگلاون و هەروەها بەرنامەیەک کە ئەم سەرۆکی وڵات و سەرمایەدارو دەسەڵاتی شاهانە هەیانبووە ونبکرێت، هەروەها ونکردنی کەیس و ئاسەواری ئەو هەزاران ژن و منداڵانەی براونەتە ئەوێ و چارەنوسیان، وە گەلێک بەرنامەو سیاسەتی شاراوە لە پشتیەوەیەتی بشارننەوە.

میدیاکانی بۆرژوازی هەوڵدەدەن ئێپستین وەک تەنیا "شەیتانێکی تاک" و بازرگانێکی منداڵان نیشان بدەن، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم بەڵگەنامانە (ویکیلیکس، پەنەما، پاندۆرا و ئێپستین و ئەوانی تریش) شتێکی تریش دەخاتەروو: ئەویش بێدەنگی و شاردنەوەی تاوانی گەورەی وایە کە هیچ جێگایەکی بۆ مرۆڤایەتی سەدەی ٢١ نەهێشتۆتەوە، بۆ مانەوەی سیستەمەکە بە ئاڵوگۆڕی شکڵی. ئایا بەڵگەنامەکانی کۆمەڵکوژی کەمن لەسەر: فەلەستین، سودان، یەمەن، ئۆکرانیا، ئێران، عێراق، ئۆکرانیا، ڕۆژانەی چەوسانەوەی کرێکاران و کاری منداڵان، ئاوارەیی و برسێتی کە هەموویان لەژێر سایەی ئەم سەرۆک و حکومەتانەدا ڕوودەدەن.

هەموو ئەم تاوانانە؛ لە بازرگانی بە مرۆڤەوەو بە منداڵانەوە، تا کۆمەڵکوژی و برسێتی و جەنگ و ئاوارەیی و تا تاڵانکاری، لە چوارچێوەی سیستەمێکدا کە سیستەمێکی چینایەتی سەرمایەداریەی ئەم سەردەمەیە کە راسیزم و فاشیزمی قەومی و دینی بەڕێوەی دەبات، کە هەمووسەروەت و سامانی کۆمەڵگا تا دادگاکانیشیان لەدەستدایە، واتە ئەو کەمایەتیە دژی ئینسانیە، لەبەرامبەر لە ٪٩٩ی کۆمەڵگا راوەستاون و برسێتی و کوشتار و بێحورمەتی بە مرۆڤ دەکەن، هەر هەمان ئەو سەرمایەدارو سەرۆکانەن کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و بڕیاردەدەن. هەر ئەو دادگایەی لە لە ٢٠٠٨ ڕێگەی بۆ ئێپستین خۆش کرد و ڕێگای نیشاندا تا لە سزا ڕزگاری بێت، تا ٢٠١٩ ئەو هەموو کارەساتە مرۆییە دژی ژنان و منداڵان ئەنجامبدەن، هەر ئەو دادگایانە بوو لە کەیسەکانی ویکیلیکسدا لەجیاتی سزادانی تاوانبارانی جەنگ و کوشتاری خەڵکی مەدەنی لە عێراق و ئەفغانستان، "جولیان ئاسانج"ی سزادا، ئەمەیە روخسارو ماهیەتی سیستەمی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی دنیای ئەمڕۆ، کە ڕووداوەکانی ڕۆژانە ناخی هەموو مرۆڤێکی ئینساندۆست و ئازادیخواز ئازار دەدات.

هەموو ئەو بەڵگەنامانەو ناوەرۆک و راستیەکانی پشتی واقیەتی کۆمەڵگای چینایەتی ئەمڕۆی جیهانە، کە سیستەمی سەرمایەداری تێیدا دەسەڵاتدارە، کۆمەڵگای جیهانی لە نێوان دوو ڕێگەدایە راگرتووە: یان دەبێت مل بدات بۆ ئەم فەوزا و فاشیزمەی دەسەڵاتدارانی لە چەشنی؛ ترەمپ، پۆتین، خامنەئی و ئۆردگان، ناتانیاهۆ و هاوشێوەکانیان)، یان دەبێت ڕێگایەکی تر بگرێتەبەر؛ ئەویش خۆرزگارکردن لەهەموو خۆشخەیاڵیەک بە سیستەمی چەوسێنەرو دژی ئینسانی ئەمڕۆ و دەستبردن بۆ خۆڕێکخراوکردن و گۆڕینی ئەم سیستەمە سەرمایەدارییە دژی مرۆییە بۆ دنیایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەران بۆ هەمووان، دوور لە کۆمەڵکوژی و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، ئەویش سیستەم و کۆمەڵگای ئینسانی سۆشیالیزمە.

**تێبینی: سەبارەت بە بەڵگەنامەکانی:ویکیلیکس، پەنەما و پاندۆراو داعش دەتوانن لەم لینکەی خوارەوە، کە پێشتر بڵاومکردوونەتەوە، کە بابەتەکانی تێدایە بۆ ئاشنابوونی زیاتری بگەڕێنەوە بۆی.**

https://www.emrro.com/malperinuri.htm

# هەسەدە و شەرع لە ڕێکەوتنێکی ئاڵۆزدا

عوسمانی حاجی مارف

هەوڵی حکومەتی ئەحمەد شەرع بۆ ڕێکەوتنی لەگەڵ هەسەدە، وەک خاڵی هاتنە ژوورەوە بەئارامی بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری و یەکخستنی هێزە چەکدارەکانی لە تەواوی سوریادا دەبینێت، هەسەدەش وەک چوارچێوەیەک لە دامەزراندنی پێگەی سیاسی خۆی لەناو دەوڵەتی سوریادا مامەڵە دەکات.

کۆبوونەوەی نێوان تۆم باراک و مەزڵوم عەبدی، تەنیا بە چەسپاندنی ئاگربەست لەسەر زەوی سنووردار نەبوو، بەڵکو دەرگای بەرووی گفتوگۆیەکی سیاسی فراوانتردا کردەوە سەبارەت بە پەیوەندیەکانی داهاتووی نێوان هەسەدە و دەوڵەتی سوریا، هەرچەندە ئاگربەست ڕاگەیاندراوە، بەڵام سیاسەتی ڕێکەوتنی ترەمپ و ئۆرگان و شەرع، نەگۆڕدراوە!.

هەنگاوەکانی دەورووبەری درێژکردنەوەی ئاگربەست، بەحساب هەوڵدانێکە بۆ گۆڕانکاری چۆنایەتیەک کە بەبەراورد بە هەوڵەکانی پێشوو، هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆ، گوایە ئەمجارە لە هەنگاوی دانوستانەکاندا، ڕێڕەوی بەرێوەبردنی ململانێکان بۆ گەڕان بەدوای سروشتی پەیوەندی سیاسی و دامەزراوەیی نێوان هەسەدە و دیمەشق دەبات، کە زیاتر بەرەو سنووردارکردنی پێگەی هەسەدەیە لە سوریا.

بەڵام ئەو ڕێکەوتنەی کە لە ١٨ی کانونی دووەمدا واژۆ کرا، چوارچێوەی ئەم گۆڕانکاریەی پێکهێنا، کە شەرع وەک پێشەکیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی سەربازی هەسەدە سەیری دەکرد، لەکاتێکدا چاوەڕوانی هەسەدە بەوشێوەیە دەردەکەوت کە هێزەکەی وەک بەشێکی سەربەخۆ لەناو دەوڵەتدا بە فەرمی بناسرێت.

لەلایەکەوە هەسەدە هەوڵدەدات خۆی وەک هاوبەشێک پیشان بدات کە ئامادەیە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، لە لایەکی دیکەوە، ئامانجی هەسەدە دەستەبەرکردنی پێگەیەکە لەناو ناوەندەکانی بڕیاردانی ناوەندیدا، کە پێیانوایە، بەم شێوەیەش دەتوانن کاریگەری سیاسی و ئەمنی خۆیان لە قۆناغی دوای یەکگرتندا بپارێزن.

پارێزگای حەسەکە وەک هەستیارترین خاڵ لەم پرۆسەیەدا دیارە، کە ناوەندی کێشکردنی جوگرافی و سیاسیە بۆ ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی هەسەدەدایە، هەر دامەزراندنێک لە حەسەکە ناتوانرێت لە هاوسەنگیە ئاڵۆزە ئەمنیەکان و خێڵەکی و ئابووریەکان جیا بکرێتەوە، ئەمەش وادەکات کاندیدکردنی پارێزگارێک لەلایەن هەسەدەوە، یان ئاماژەیەکە بۆ هاوبەشیەکی درێژخایەن لەگەڵ دەوڵەت، یان دەستپێکی دانوستانە سەختەکانە، لەسەر ئەوەی کێ دەسەڵاتی ڕاستەقینەی لە ناوچەی جەزیرەی سوریا بەگشتی و لە حەسەکە بەتایبەتی بەدەستەوە دەبێت؟.

واشنتۆن پاڵ بە یەکلاییکردنەوەیەکی وردەوە دەنێت، کە گەرەنتی یەکگرتنی هێزەکانی هەسەدە لە دەوڵەتی سوریادا جێبەجێکاتەوە، بەڵام دەیەوێت لەژێر هەلومەرجێکدا ئەم یەکگرتنە پێکبێت، کە ڕێگری نەبێت لە دەوری نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا، لەم چوارچێوەیەدا پێداگری ئەمریکا، لەسەر بە کراوە هێشتنەوەی دەرگای ئاگربەست و دابینکردنی بەرگێکی سیاسی دەبێت، تا ڕێگە بە گواستنەوەی وردە لە بەرەکانی جەنگەوە بۆ مێزی دانوستان هەنگاو بنرێت.

گومانی تیانیە کە دیمەشق بە وریاییەوە لە پرسی درێژکردنەوەی ئاگربەست نزیک دەبێتەوە، ڕەتیدەکاتەوە بیکاتە ڕێکارێکی سادە و ئۆتۆماتیکی و بێمەرج، سەرچاوەیەکی حکومی لە لێدوانی تایبەتدا ڕایگەیاندووە، کە هۆکاری سەرەکی ڕازی نەبوون بە درێژکردنەوەکە، پێگەی بەرزی ئێستای سوپای سوریایە، گوایە تێروانینی شەرع پێگەی دەوڵەتی سوریا چ لە ڕووی سەربازی و چ لە ڕووی سیاسیەوە بەهێزتر دەبینێت.

کۆبونەوەی ئەم دواییەی هەولێری نێوان نوێنەرانی واشنتۆن و هەسەدە لە چوارچێوەیەکی سەربازی نائاسایدا ڕووی نەدا، بەڵکو لە چوارچێوەیەکی سیاسی ناسکدا پێشهات، کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدوای بەرێوەبردنی دۆخێکی ئاڵۆزترن، هەوڵدانێکە لە قۆناغێکی ڕاگوزەری ناوچەکە بەرەو سەقامگیری بۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزای، نەک تەنها ئاگربەست.

درێژکردنەوەی ئاگربەستی نێوان دیمەشق و هەسەدە، ڕەنگدانەوەی هەوڵێکە بۆ ڕێکخستنەوەی دۆخی ڕۆژهەلاتی فورات، لەنێوان گۆڕانی هاوسەنگیە ناوچەییەکان و زیادبونی فشارە نێودەوڵەتیەکان، کە بەدوای سوریایەکی یەکگرتووەوەن لە پرۆسەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی شەرعەوە. بۆیە هەر درێژکردنەوەیەکی ئاگربەست دەبێت مەرجی ڕوونی هەبێت، بەپلەی یەکەم بونی گەرەنتی پابەندبونی هەسەدەیە، کەجێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ١٨ی کانونی دووەمی ٢٠٢٦ مسۆگەر بکات!.

هەڵبەتە بونی گەریلاکانی پەکەکە لە نێو هەسەدەدا، کاریگەری لەسەر ڕێکەوتنەکان و ئاگربەست دەبێت، بەتایبەتی پەکەکە بەشێوەیەکی وەها کاریگەر لەنێو هەسەدەدا هەیە، کە دەتوانێ بڕیاردان لەناو هێزەکانی هەسەدەدا

کۆنترۆڵ بکات، ئەمەش ئەو ئاراستەیە بۆ هەسەدە پێشبینی دەکرێت، ئاگربەست دەرفەتێکی پێئەدات، خۆی بۆ پێکدادانێکی درێژخایەن لەدژی سوپای سوریا ئامادە بکات!.

پێشتر لە راگەیەندراوێکی حکومەتی سوریا رونکرایەوە، هێزەکانی سوریا ناچنە ناو سەنتەری شارەکانی حەسەکە و قامیشلۆ، بەڵکو لە پەراوێزی شارەکانیان دەمێننەوە ئەگەر رێککەوتنەکە یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام دواتر باسی هێڵی کاتی و وردەکاری یەکگرتنی ئاشتیانەی پارێزگای حەسەکە بە شاری قامیشلۆشەوە دەکرا، لەهەمانکاتدا هێزەکانی سوریا چونە ناو حەسەکە و کۆبانی و قامشلۆ، گوایە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەوی دەمێننەوە.

سەرچاوە سەربازیەکانی سوریا ئاماژە بەوە دەکەن، هێشتا چانسی رێکەوتن دەتوانێت بەردەوام بێت، بە مەرجی هەسەدە پابەند بێت بە دوو خاڵی سەرەکیەوە، یەکەم پێشکەشکردنی لیستی کەسایەتیە بێلایەنەکان بۆ پۆستە سەربازی و ئیداری و پەرلەمانیەکان، دووەم هەنگاوی جددی بنێت بۆ بێلایەنکردنی کادرەکانی سەر بە پەکەکە، بەتایبەت کەسە بیانیەکان.

دەوترێت، مەزلۆم عەبدی ئامادەیە پابەند بێت بەرێکەوتنەکە! بەڵام روبەڕوی رەوتێکی توندرەوە لەناو هەسەدەدا، کە پەیوەندی هەرێمی و نێودەوڵەتیان هەیە، رەنگە ئاستەنگی لەبەردەم جێبەجێکردنیدا دروست بکات، بەتایبەتی سەبارەت بەو لیستانەی بریارە پێشکەشی ئەحمەد شەرع بکرێن، لەوانەیە ئەو ناوانە لەخۆ بگرن، کە لەئاستی ناوچەییدا رەت دەکرێنەوە، بەتایبەتی لەلایەن تورکیا و سعودیەوە، ئەمەش دەرگا بەرووی فشارە مەیدانیەکاندا دەکاتەوە کە ئاگربەستەکە نەتوانی بەردەوام بێت.

هەروەها کۆبانی وەک بەربەستێکی هەرە بەرچاو لەم پرۆسەیەدا دەمێنێتەوە، وەزارەتی بەرگری سوریا وەک کانتۆنێکی جیا لەو کەرتە سنووریەی حەسەکە لەژێر دەستی هەسەدە دایە دەروانێت، پێیوایە کە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئێستا زۆر گرنگە، هەروەها دیمەشق چارەنوسی کۆبانی بە چارەنووسی قامیشلیەوە دەبەستێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی سیمبۆلیزمی سیاسی و نەتەوەیی ئەوان، کە هەر چارەسەرێک، چ ئاشتیانە بێت یان سەربازی، دەگاتە چارەسەرێکی هاوبەش.

لەبەرامبەردا دیمەشق و ئەنقەرە گومانیان هەیە لە نیازەکانی هەسەدە، پێیانوایە هەوڵی کرینی کات دەدات بۆ سود وەرگرتن لەئاگربەست، هاوکات هەڵمەتی میدیایی خۆی بۆ کۆکردنەوەی دانیشتوانی کورد لەسەر ئاستی ناوچەیی پەرەپێدەدەن بە ناسینی سوپای سوریا بە هەوڵی بۆ ئەنجامدانی پاکتاوی نەتەوەیی، هەرچەندە پێدەچێت رێکەوتنەکە بۆ ئێستا بەردەوام بێت، بەڵام ناتوانرێت پێشێلکاریەکان رەت بکرێتەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە چونە ژوورەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە.

بەجیا لە هەر دەورێک کە ململانێ و نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا بنەمای کاریگەری دەبینێت لەسەر ناوچەکە، پێدەچێت لە کورتخایەندا، دانوستانەکانی نێوان دیمەشق و هەسەدە بە درێژکردنەوەی ئاگربەست بۆ ماوەیەک بەردەوام بێت، هەنگاوی رەمزی بۆ جێبەجێکردنی رێکەوتنەکە گیراوەتەبەر، بەڵام یەکگرتنی هەمەلایەنە، نارۆشن و راگیراو دەمێنێتەوە، چونکە ئەوە نەزانراو نیە کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە، دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەواو جیاوازە لەبەرامبەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سوریادا، سادەترینیان، واقعیەتی هێزە سەربازیەکانی سوریا ئیمکانی نیە قەبوڵی کەن، بۆنمونە بوونی ژنان لە ریزەکانی هێزی سەربازیدا، جگە لە زۆرلایەنی تر لە جیاوازی سکولاری و ئازادی و شارستانیەت و مافەکانی ژنان، کە ناکۆکە لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسیدا.

ئەو دۆخەی بۆ شەرع هەزم ناکرێ، واقعیەتی پێکهاتەی دەسەڵاتەکەیەتی، کە هۆکار و زەمینەیەکی واقعیە، ئەو ریکەوتن و ئاگربەستە تووشی شکست دەهێنێتەوە، دووبارە کێشە و هێرشەکانی بۆ سەر رۆژئاوا وەها دەست پێدەکاتەوە، ئاییندەی سیاسی ناوچە کوردنیشینەکان و سوریا روبەرووی بارگرژی و کارەساتی زیاتر دەکاتەوە.

☆

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەری ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەماڵ موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# پێگە و ئاسۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەدڵی گۆڕانکارییەکاندا

توانا محەمەد نوری

لەئێستادا، کوردستان و عێراق و تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی پڕ لە ئاڵۆزی و قەیراندا تێدەپەڕن. لەم نێوەندەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە پێشەوە: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە کوێی ئەم هاوکێشانەدایە و چۆن دەتوانێت پێشڕەوی و پێشکەوتن بەدەست بهێنێت؟

بۆ تێگەیشتن لە پێگە و ئەرکی مێژوویی حیزب، پێویستە واقیعی سیاسیی عێراق و کوردستان وەک خۆی بخوێنینەوە؛ سیستمێک کە لەژێر باری گەندەڵییەکی قووڵ، بێکاریی بەربڵاو و پەککەوتنی مووچەدا، تەواوی جومگەکانی ژیانی خەڵکی ئیفلیج کردووە. لەم سۆنگەیەوە، جەمسەربەندییەکان گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە؛ ململانێکان لە قاڵبی تەنگی 'ستەمی نەتەوەیی' چوونەتە دەری و ڕەهەندێکی چینایەتیی ڕوونیان وەرگرتووە. ئێستا بەرەی شەڕ، بەرەی 'پارووە نان' و 'کەرامەتی مرۆڤ'ـە لە دژی چەوساندنەوە. ئەم واقیعە، بۆشاییەکی سیاسیی گەورەی خوڵقاندووە کە تەنها هێزێکی کۆمۆنیست و کرێکاری دەتوانێت پڕییکاتەوە؛ هێزێک کە بەدیلێکی ڕادیکاڵ بۆ کۆتاییهێنان بە نایەکسانی و جیاوازییە چینایەتییەکان پێشکەش بکات.

خاڵێکی گرنگ کە نابێت فەراموش بکرێت، گۆڕانکارییە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستاندا. جاران کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر سیما گوندنشینی و کشتوکاڵییەکەی بەسەردا زاڵ بوو، بەڵام ئێستا شارنشینی فراوان بووە و ژمارەی ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە هێزی کاری خۆیان بۆ بژێوی دەفرۆشن (کرێکاران، کارمەندانی کەرتی تایبەت، دەستفرۆشان و بێکاران) بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

ئەم چینە فراوانە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەست بە نایەکسانی دەکەن؛ دەبینن کە کەمینەیەکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار هەموو سەرچاوەکانیان قۆرغ کردووە، لەکاتێکدا زۆرینەی خەڵک لەژێر هێڵی هەژاریدان. ئەمەش زەمینەیەکی بەپیتە بۆئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەک نوێنەری ڕاستەقینەی ئەم چینە مەزڵووم و نارازییە دەربکەوێت.

لە ماوەی ڕابردوودا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان توانیویەتی چەند هەنگاوێکی گرنگ بنێت، بەتایبەت لەم بوارانەدا:

١. دەنگی نارەزایەتی شەقام: حیزب توانیویەتی لە زۆربەی خۆپێشاندان و بزووتنەوە نارەزایەتییەکاندا ئامادەییەکی کارای هەبێت.

٢.بەدیلی سیاسی: لەکاتێکدا خەڵک لە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ناسیۆنالیست و ئیسلامیش بێئومێدبوون، حیزب مۆدێلێکی "ئینسان-میحوەر" و "سێکۆلار" پێشکەش دەکات کە جەخت لەسەر یەکسانیی هەمەلایەنە دەکاتەوە و سەرنجی گەنجانی ڕادەکێشێت.

٣.مافی ژنان:یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەم حیزبە، هەڵوێستی ڕاشکاو و کردەیی بووە بەرامبەر بە کۆنەپەرستی و توندوتیژی دژی ژنان.

٤. دەرکردنی دەنگی کرێکار:حیزب توانیویەتی ببێتە دەنگی ئەو کرێکار و کارمەندانەی کە مافەکانیان دەخورێت. لەکاتێکدا سەندیکاکان هیچ پێگەیەکیان نیە لەناو نارەزایەتی کرێکاران و کەرمەنداندا، حیزب وەک پشتیوانێکی سیاسی لەناو مانگرتن و نارەزایەتییەکانی ناوەندەکانی کاردا دەرکەوتووە و هەوڵیداوە داواکارییە پیشەییەکان بکاتە داواکاریی سیاسیی گشتگیر.

سەرەڕای ئەم پێشکەوتنانە، هێشتا ڕێگاکە بێکێشە نییە. دەسەڵات لە کوردستان و عێراق هەموو ئامرازەکانی سەرکوت بەکاردەهێنێت؛ هەروەها شەڕی میدیایی و زاڵبوونی بیری نەتەوەیی و ئایینی هێشتا وەک بەربەست لەبەردەم فراوانبوونی بیری کۆمۆنیستیدا ماونەتەوە.

بەڵام ئەوەی ڕوونە، "چینی کرێکار" لە کوردستان چیتر تەنها چەمکێکی تیۆری نییە، بەڵکو هێزێکی گەورەی زیندووە. ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بتوانێت زیاتر خۆی لەگەڵ ئازار و داخوازییەکانی ئەم چینە تێکەڵ بکات و ببێتە ڕێکخەری سەرەکیی نارەزایەتییەکانیان، ئەوا لە داهاتوودا دەبێتە کاراکتەرێکی یەکلاکەرەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراقدا.

کۆتایی

لەم دۆخە پڕ لە گۆڕانکارییەی ناوچەکەدا، پێویستییەکی مێژوویی بە دەنگێک هەیە کە داکۆکی لە ئازادیی سیاسیی بێمەرج، یەکسانیی هەمەلایەنە و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بکات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەپشتبەستن بەو جەماوەرە کرێکارییەی دروست بووە، دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە ببێتە ئاڵاهەڵگری گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەپێناو ژیانێکی شایستە بۆ هەمووان.

٦/٢/٢٠٢٦

★

# ناسیونالیزم و کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێگاچارەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

## بەیاننامەی هاوبەشی ؛

## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق

تێبینی: ئەم بەیاننامەیەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان پێشتر بڵاوبۆتەوە، بەڵام لەبەر گرنگی بەیاننامەکە کە ئێستا پرسی کورد دوبارە لەئاستی ناوچەیی و تارادەیەک جیهانیدا زیاتر تیشکی کەوتۆتەسەر و باسی ڕێگاچارەی جۆراوجۆری ئیمپریالیستی و بۆرژوایی دەکرێ بۆ ئەم مەسەلەیە، بەگرنگمان زانی دوبارە بڵاوی بکەینەوە.. ( ئۆکتۆبەر)

مەسەلەی کورد هەمیشە لەژێر کاریگەریەکانی دۆخی جیهانی و کێشمەکێش و ملاملانێی هێزە ئیمپریالیستیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەو گۆڕانکاریانەی لە هاوکێشەی هێزەکاندا بەدیهاتوە، هەڵکشان و داشکانی بەخۆیەوە گرتوە. لە قۆناغی ئێستادا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە یەکێک لە مەیدانەکانی یەکلاکردنەوەی ناوچەکانی نفوز و دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان، جارێکی تریش مەسەلەی کوردی بەدیاریکراوی بەدوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا و زەربەخواردنی هێزەکانی "بەرەی مقاوەمەت" و پاشەکشەپێکردنی نفوزی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، مەسەلەی کورد لە ئاستێکی فراوانی ناوچەیی و جیهانیدا هاتۆتەوە سەر شانۆی ڕوداوە ناوچەییەکان. ئەم ڕاستیەش بەپێویست لەلایەکەوە مەسەلەی کوردی کردۆتە کارتێکی سیاسی بەدەست ئەمریکا و ئەوروپا و ئیسرائیل و دەوڵەتانی ناوچەکەوە، بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی سیاسی لە یەکتر و ڕێکخستنەوەی هاوکێشەی سیاسی نێوانیان، وە لەلایەکی تریشەوە پێگە و ڕۆڵی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی لەهەموو ئەو وڵاتانەی ناوچەکەدا کوردی لیدەژی، چالاک کردۆتەوە. هەریەکەیان لەسەربنەمای ئەم دۆخە تازەیە و گۆڕانکاریەکانی، لە هەوڵی گرتنەبەری ئامانج و سیاسەتی تازەدان. پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ دانانی چەک و هەڵوەشانەوەی پەکەکە و هەروەها ڕێکەوتنەکەی نێوان هەسەدە و ڕژێمە کاتیەکەی ئەحمەد شەرع، بە ئاگاداری ئەمریکا و ڕوسیا و دەوڵەتە مەیداندارەکانی ناوچەکە و بەستنی "کۆنفرانسی یەکریزی کورد" لە سوریا بە بەشداری پارت و لایەنە کوردیەکانی تورکیا و عێراق و سوریا دەرکەوتەکانی ئەم ڕاستیەن.

لەم پەیوەندەدا ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی لە ئێران، بەتایبەتی حیزبی دیموکرات، کە پێش ئەم ڕووداوانەی ناوچەکە، لەژێر گوشاری هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوون، ئێستا چاویان لەوە بڕیوە کە گوایە "دوای ڕوخانی بەشار ئەسەد، نۆرەی ئێرانە"! بەمجۆرەش لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەی حیزبە کوردیەکاندان لە بڕۆکسل و بەدیار ئیسرائیل و ئەمریکاوە، سیاسەتی چاوەڕوانی تێدەپەڕێنن. خەو بە ئەگەری دەرفەت بۆ پێکهاتنی قەوارەی کوردی لە بابەت هەرێمی کوردستانی عێراقەوە دەبینن. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەرگای دانوسانی ژێربەژێریان، لەسەر بنەمای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە لاوازیدایە، ئاوەڵا هێشتۆتەوە.

لە تورکیا و سوریاش لەلایەک بەهۆی نفوزی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی تورکیا لەئاستی ناوچەکە و بەتایبەتیش ڕۆڵی حکومەتەکەی ئۆردوگان لە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد و گەیاندنی پاشماوەکانی ئەلقاعیدە و بەرەی نوسرە بە دەسەڵاتێک کە لە بازنەی سیاسەت و بەرژەوەندیە ناوچەییەکانیدا دەرنەچێت، وە لەلایەکی ترەوە، خودی پەکەکەش وەک هێزێکی ناوچەیی کە ساڵانێکە هەم لەناوخۆی تورکیادا و هەم لە سوریادا، پێگە و نفوزێکی بەهێزی هەیە، چارەنوس و داهاتوی مەسەلەی کورد و ناسیونالیزمی کوردی لەم دوو وڵاتەدا، لێکگرێداوە. بەتایبەتی دوای پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە لەژێرناوی "پرۆسەی ئاشتی"دا!! بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی کە گوایە ئۆجەلان دەستپێشخەری ئەم ئاشتیەی نێوان پەکەکە و حکومەتەکەی ئۆردوگانی کردووە، ئەوە خودی دەوڵەتی تورکیایە کە تانوپۆی ئەم پرۆسەیەی چنیوە، تا لەسەرێکەوە بەسەر قەیرانەکانی ناوخۆی خۆیدا زاڵ بێ و فەزایەک بۆ جێگیری دەسەڵاتەکەی برەخسێنێ و لەسەرێکی دیکەوە کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم جێگیربوونی وەکو هێزێک و یاریزانێکی ناوچەیی هەڵبگرێت و کەشێکی ئارامی سیاسی و ئەمنیش لەبەردەم

پرۆژە ئابوریەکانی لەناوچەکەدا پێکبهێنێ. سەرباری ئەوانە سنورێکیش بۆ ڕۆڵی هەسەدە دابنێت کە وەکو بەربەستێک لەبەردەم هەژمونی خۆی بەسەر دەسەڵات لە سوریادا دەیبینێت.

لەڕاستیدا ئەوەی هەم لە پەیامەکەی ئۆجەلان و هەم لە زمانی سەرانی حوکمەتە فاشیستەکەی ئۆردوگاندا دەردەکەوێت، ناوەڕۆکی ئەوەی ناوی نراوە "پرۆسەی ئاشتی"، بەندوبەست و سازانی ئەم دوو لایەنە و بەدەستەوەگرتنی مەسەلەی کوردە وەک کارتێکی سیاسی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات لەیەکتر. بەتایبەتی هەم ئۆردوغان ئەوە باش دەزانێ کە جەنگ و میلیتاریزم بەهەموو خەرجی و زیانەکانیەوە، بەناوی "شەڕ لەدژی تیرۆر" ناتوانێ پەکەکە لەڕیشەوە هەڵکێشێ، وە هەم ئۆجەلانیش لەمێژە لەوەگەیشتوە کە "خەباتی گەریلاو پێشمەرگایەتی" برەوی نەماوە و ناتوانێ هاوسەنگی هێز بەقازانجی بەشداربونی بورژوازی کورد لە دەسەڵاتدا بگۆڕێ. بۆیە تاکتیکی تازەی بورژوازی کورد دەستهەڵگرتنە لە خەباتی چەکداری بە قازانجی برەودان بە خەباتی سیاسی و قانونی لە شارەکان. ئەمەش بەکردەوە لە تورکیادا پێش ئەم پڕوپاگەندانەی هەردولا دەربارەی پرۆسەی ئاشتی دەستی پێکردوە و ناویاننناوە "چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیانەی کێشەی کورد".

لە عێراقیش ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی بەگشتی و پارتی بەتایبەتی، کە سیستەم و دەسەڵاتەکەیان لەبنبەستدا چەقیوە و ناکۆکی و پەرتەوازەیی یەخەی پێگرتوون، ڕووداوەکانی ناوچەکە بەگشتی و ڕوخانی ئەسەد و پەیامەکەی ئەم دواییانەی ئۆجەلانیش بۆتە فرسەتێک کە جارێکی تر مەسەلەی کورد وەک کارتێکی سیاسی بەدەستەوە بگرێ بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی سیاسی. ئەوەی کە حکومەتی هەرێم و بارەگای مەسعود بارزانی و بنەماڵەکەی بۆتە پێگەیەک بۆ جوڵە دیبلۆماسیەکان و ئەو پروپاگەندەیەی بەم بۆنەیەوە سەبارەت بە ڕۆڵی ڕابەری نەتەوەیی بارزانی بۆ "مافە نەتەوەییەکانی کورد" بەرپایان کردوە، لە ناوەڕۆکدا شتێکی زیاتر نییە لەوەی کە پارتی و حکومەتەکەی بە قازانجی بردنەپێشەوەی ستراتیژی تورکیا لەناوچەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێ، تا لە بەرامبەر ئەمەدا لەناوخۆی کوردستاندا خۆی بەسەر خەڵکی ناڕازی و حیزبەکانی نەیاریدا زاڵ بکا و هەم لەبەرامبەر حکومەتی عێراق و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، سود لەنفوزی تورکیا لەناوچەکەدا، وەربگرێ..

لەهەموو ئەم واقعیەتانەدا چەند ڕاستیەک بەرجەستەیە:

١/ دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و ناوچەکە، بەتایبەتی ئەمریکا و ئەوروپا کە خۆیان بە "دۆست و پشتیوانی کورد" هەڵدەخەن، بەناوی ئەم دۆستایەتیەوە، هێزی سەربازییان لەناوچەکەدا جێگیرکردوە و "کوردەکان'یان بەکردەوە کردۆتە هیزێکی پارسەنگ و وەکیل بۆ ڕاگرتنی هاوکێشەی هێزی جەنگییان بەرامبەر نەیارە جیهانی و ناوچەییەکانیان. کاتێکیش گۆڕانکاری لە ڕژێمەکانی ناوچەکەدا دێتەکایەوە، لە نمونەی عێراق و سوریا، بە داکۆکیکردن لە "یەکپارچەیی خاک"، ناوبردنی کێشەی کورد بە ماف و کێشەی "پێکهاتە و کەمایەتیەکان" مامەڵەدەکەن! ئەم دەوڵەتانە کە مێژوویەکی کارەساتباریان هەیە لە یاریکردن بە مەسەلەی کوردەوە، هیچ کات ڕێگاچارەیەکی سیاسی و عادیلانە بۆ کێشەی کورد جیگایەکی نەبووە لە سیاسەتی ئەواندا. لە دۆخی ئێستاشدا بەشوێن بەرژەوەندیە سیاسی و سەربازی و ئابوریەکانی خۆیانەوەن و مەعلومیش نییە کەی پشت لە"دۆستە کوردەکان"یان دەکەن و کارەساتێکی تر بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەهێنن!

٢/ دەوڵەتانی ناوچەکەش لەکاتێکدا هەریەکەیان بە سەرکوت و ملهوڕی و میلیتاریزم و داسەپاندنی ستەم بەسەر هاوڵاتیانی کوردزمانی ژێردەستیاندا بەڕێوەدەبەن، لە ڕێگای لەباوەشگرتن و بەکاربردنی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لە پارچەیەکی تری کوردستان، لە کێشمەکێشە ناوچەییەکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە، خۆیان وەک لایەنگری "کوردانی بەشێکی تر" هەڵدەخەن! لێرەشەوە بەردەوام یارییان بە مەسەلەی کوردەوە کردوە و لەدژی یەکتر و بۆ ڕاگرتنی هێزهاوسەنگی نێوانیان بەکاربردووە. ئەم دەوڵەتانە خۆیان هۆکار و سەرچاوەی ستەمی نەتەوایەتی و مانەوەی کێشەی کوردن، لە دۆخی ئیستاشدا لەڕێگای بەکاربردنی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردەوە وەکو هەمیشە یاری بەم مەسەلەیە دەکەن.

٣/ ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی کوردایەتی لە گۆڕانکاریەکانی ئێستای ناوچەکەدا، بە ڕاوەستان لەسەر ئەو درز و کەلێنەی لە هێزهاوسەنگی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە و هێزە جیهانیەکاندا پێکهاتووە، مەسەلەی کورد و بێدەرەتانی خەڵکی کوردستان بەکاردەهێنن بۆ شەریکبونەوەی خۆیان لە دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدا. ئەوەی ناویان ناوە مافی کورد هیچ نییە جگە لە پچڕینی سوچێکی دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆیان لە پاڵ دەوڵەتانی مەرکەزیدا. ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی بە مافەکانی خەڵکی کوردزمان و چارەسەری کێشەی کوردەوە نییە. لە جەرگەی هەلومەرجی ئێستا و "پرۆسەی ئاشتی"دا هیچ باسێک لە مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان و گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە بریار لە چارەنوسی خۆی بدات، نییە. تەنانەت نە "پرۆسەی ئاشتی" و نە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بەدوای گۆڕانکاریەکی ئەوتۆوە نین لە دەستور و نیزامی سیاسی دەوڵەتانی مەرکەزیدا کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و خەڵکی ناوچەکەدا بێت و مۆدێلیکی سیاسی سیکولار و پێشڕەو نوێنەرایەتی بکات و ڕێگایەکی سیاسی بۆ چارەسەری کێشەی کورد،

بکاتەوە.

٤/ ناسیونالیزمی کورد و"ئەزمونی ڕۆژئاوا" لە سوریا، بەهەر جیاوازیەکەوە کە لەخۆی نیشانداوە، وەک ئەوەی بەرهەمی هەلومەرجێکی سیاسی دیفاکتۆ و نائاساییە، سەربارى ئەوەی لە ١٤ ساڵی رابردودا لە چەند بواردا ڕۆڵێکی ئیجابی بینیوە؛ ڕێگای بڕی لە ڕۆچوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بۆ ناو ئەو سیناریۆ تاریکەی باڵی بەسەر سوریادا کێشا و ئاسایشی ئەو ناوچانەی دابین کرد، بەرامبەر بەربەریەتی ئیسلامی داعش راوەستا و ڕێگای گرت لەوەی کارەساتی شەنگاڵ دوبارەبێتەوە، لە پەیوەند بە مەسەلە و مافەکانی ژنانەوە ڕۆڵێکی ئەرێنی گێڕا، جڵەوگیری کرد لە دنەدان بە ناکۆکی قەومی، بەڵام بەوپێیەی کە هەسەدە و ئەزمونەکەی پشتی بە پشتیوانیە سەربازی و داراییەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەستوە، دەرگای وەرگرتنی هاوکاری و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلی بەکراوەیی هێشتوەتەوە، هەروەها ڕێکەوتنە ٨ خاڵیەکەی نێوان ئەحمەد شەرع و مەزلوم عەبدی، نەک هەر ئاسۆیەکی ڕوون بۆ چارەسەرێکی سیاسی پێشڕەوانەی بۆ مەسەلەی کورد و ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی ناوچەکە نیشان نادەن، بگرە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمانە ببنە سەرەتایەک بۆ یەکلابونەوەی ئەم "ئەزمونە" لەچوارچێوەی ڕێگاچارەی ئەمریکایی و دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕۆچوون بەرەو هەمان سونەت و سیاسەتی باڵەکانی تری ناسیونالیزمی کورد لەئاستی ناوچەکەدا. ئەم ئاراستەیەش لە "کۆنفرانسی یەکریزی کورد" کە لە قامیشلی بەسترا، لەنێوان هەسەدە و لایەنە سیاسیەکانی ناو ئەنەکەسە کە لەسەر پارتی حساب دەکرێن، بەشێوەیەکی ڕوونتر بەرجەستە بوو.

بەرەچاوکردنی ئەم بارودۆخە ناوچەیی و جیهانیە و ڕۆڵێک کە هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان و ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد دەیگێڕن، ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە چارەسەری ڕیشەیی ستەم و کێشەی کورد لە ناوچەکەدا، لەناو گێژاو و ناڕوونیدا و لە پەیوەند بە بەرژەوەندیە سیاسی و ئەمنی و ئابوریەکانی هەریەک لەم هێزانەدا دەسوڕێتەوە. ڕێگاچارەیەکیش کە لە بەرگی "مافی پێکهاتەکان"، "خۆسەری و لامەرکەزیەت"، "مافی کەلتوری و خوێندن بە زمانی دایک"، تا "فیدرالیزم و کرانەوە و دیموکراسیزەی دەسەڵاتە مەرکەزی و سەرکوتگەرەکانی ناوچەکە" لێرەولەوێ باس دەکرێ، لەبنەڕەتەوە لەسەر "پیرۆزکردنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتانی ناوچەکە" راوەستاوە. ئەمەش شتێکی تر نییە جگە لە ڕێکخستنەوەی سیستەمی دەسەلاتداریتی بۆرژوازی لە ناوچەکەدا لەگەڵ ڕێگەدان بە حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵات، لەسەر بنەمای دابەشکاری قەومی هاوڵاتیان. ئەمەش نەک هەر مەسەلەی کورد وەک برینێک بە جەستەی کۆمەڵگاکانەوە دەهێڵێتەوە بگرە دەرگا بەڕووی قوڵبوونەوەی کێشەی قەومی دەکاتەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری یاریکردن بە ژیان و چارەنوسی خەڵکی کوردستان مەحکوم دەکات، هاوکات هەرجۆرە بڕیارێک لەبارەی ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردزمانەوە لەهەر وڵاتێکدا، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی خەڵکەکەی و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی، یان ڕێککەوتنی سەروخەڵکیی نێوان دەوڵەت و حزبە محەلیە بۆرژوا ناسیونالیستیەکان، بە نامەشروع و دژ بە ئیرادەی سیاسی ئەوان دادەنێت. لەم ئاراستەیەشدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەڵاڵە جۆراوجۆرەکانی وەک، "حوکمی زاتی و خۆجێی، لامەرکەزیەت و فیدرالیزمی نەتەوەیی" بۆ ناوچە کوردنشینەکان کە لەلایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە دەخرێتەڕوو، نە تەنها بە هەنگاوێکی ڕووەلەپێش، بەئاقاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد نازانێت، بەڵکو ئەم تەرحانە لەبنەڕەتەوە بۆ بەشداریکردنی ئەم هێزانە لەدەسەڵاتی ناوەندی و هێشتنەوەی ناسنامە و دابەشبونە نەتەوەییەکان لەناوچەکەدا دەزانێ.

خەڵکی کوردزمان هەقیانە وەک هاوڵاتیەکی یەکسان لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بە مافی یەکسانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتانی ناوچەکەدا بژین. هەرجۆرە دابەشکردنی کۆمەڵگاکان بەسەر ناسنامەی دروستکراوی نەتەوەیی و دینی و تائیفی و ڕەگەزییەوە، نەک هەر کۆتایی بە کێشمەکێش و ململانێی نەتەوەیی ناهێنێت، بەڵکو کۆمەڵگا لەبەردەم گێژاو و تەنگژەی نەتەوەیی و تیرەگەری و دەمارگیری ئاینیدا لەلایەن نوینەرانی سیاسی و چەکداری هەر ئەم ناسنامە درۆزنانەوە رادەگرێ. پێکهێنانی حکومەتێکی سیکولاری نەقەومی و نەدینی و بەڕەسمیناسینی مافی هاوڵاتیی یەکسان بۆ هەموان و بەمپێیەش گۆڕانکاری لە سیستەمە سیاسیەکانی ئێستای ناوچەکەدا و جێگرتنەوەیان بە سیستەمی سیاسی کە ئازادیەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان و ژیانێکی شایستە بۆ هەموان دەستەبەر بکات، زامنی کردنەوەی دەرگایە بەڕووی هەڵگرتنی ستەمی نەتەوەیی و چارەسەرێکی سیاسی و عادیلانەی کێشەی کورددا. .

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو پرەنسیپێکی گشتی خوازیاری پێکەوەژیانی خەڵکی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەیەکی ووڵاتیی گەورەتردا. ئەم پێکەوەبوونە زەمینە دەڕەخسێنێ بۆ پێکهێنانی ڕیزی بەهێز و توانای چینی کرێکار لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو وڵاتانەی کە پێشینەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردزمان کێشەی کوردی کردوە بە کێشەیەکی سیاسی و

قورسایی لەسەر کۆمەڵگاکان دەکات، لە ڕوانگەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە ڕێگاچارەی سیاسی عادیلانە، گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان لەڕێگای بەرپاکردنی ریفراندۆمی گشتی و ئازاد لە ناوچە کوردنشینەکان، لە فەزایەکی دوور لە هەرجۆرە زەخت و فشار و هەڕەشەیەک، بۆئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیار لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان بدەن لەنێوان مانەوە لەگەڵ باقی دانیشتیوان بە بەهرەمەندبون لە مافی یەکسانی هاولاتیبونی هەموو دانیشتوان، یان جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەنجامی ریفراندۆم هەرچیەک بێت، دەبێ وەکو بریاری ئازادانەی ئەم خەڵکە جێبەجێ بکرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەم مافە بۆ خەڵکی کوردستان بەڕەسمی دەناسێ و بە هەموو توانا بۆ دەستەبەرکردنی خەبات دەکات و دژی ستەمی میللی و هەرجۆرە زەخت و زۆرێک بەرامبەر خەڵکی کوردستان و بریاری ئازادانەی ئەم خەڵکە ڕادەوەستێت.

هەروەها حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، خەباتی یەکگرتوانە و هاوبەشی چینی کرێکاری نەتەوە جیاوازەکان لە هەریەک لەو ولاتانە بۆ لەگۆڕنانی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی، بە ڕێگاچارەیەکی ڕیشەیی دەزانێ بۆ کۆتاییهێنان بەهەموو جۆرەکانی جیاکاری و ستەم و چەوسانەوە و شەڕ و ڕکابەریە نەتەوەیی و دینیەکان و زامنکردنی ئاشتیەکی پایەدار لەناوچەکەدا، کە هاوکات ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو دانیشتوان زامن دەکات.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

کۆتایی ئایاری ٢٠٢٥

# چەند برگەیەک لە بەرنامەی "دنیای باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە

## مەسەلەی کورد

بە ڕەچاوکردنی؛ پێشینەی دووروودرێژی ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کورد لە هەموو وولاتانی ناوچەکەدا، دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق وەکو دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی و دانی مۆری ئەتنیکی و نەتەوەیی جیاواز لە ناوچەوانی دانیشتوانی عێراق، پراکتیزەکردنی جیاکاری نەتەوەیی و ئەتنیکی دەرهەق بە دانیشتوانی غەیری عەرەب زمان کە هۆکاری دابەشکردنی دانیشتووانە لەسەر بناغەی ئینتیمای نەتەوەیی و ئەتنیکی، کردنی ئەم جیاکاریە بە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی قەوارەی دەسەلاتی بۆرژوازی ئەم ولاتە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەعێراق هەستی نەتەوەییان دنەداوە و ئاگری ڕق و کینە و پاکتاوکردنی نەتەوەیی و ئەتنیکییان خۆشکردوە و سەرکوتی خوێناوی خواستی ڕەوای جەماوەری کوردستان بۆ ڕزگاربوون لەدەست ستەمی نەتەوەییان پیادەکردوە، ئەمە و ململانێیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد و جەنگیان لەبەرانبەر بزووتنەوە ئۆتۆنۆمی خوازەکانی کوردستانی عێراقدا، کینە و قڵشتی نەتەوەییان کردوەتە یەکێک لە سیما دزێوەکانی کۆمەڵگای عێراق. لە پاش جەنگ و داگیرکاریی عێراق و ڕوخاندنی دەسەلاتی بەعسیش، نەخشەکانی ئەمریکا و بۆرژوازی عێراق بۆ سەرلەنوێ سازدانەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای دابەشکاریی نەتەوەیی، ئەتنیکی و دینی، قەڵشت و ڕکەبەری نەتەوەییان لە عیراقدا قوڵتر کردووەتەوە. لە ئاکامی هەموو ئەمانەدا پێکەوە ژیانی ئاسودە و دوور لە دەردەسەری خەڵکی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچەدا سەخت و دژوار بووە.

کۆتایهێنان بە دەسەلاتی قەومی–ئیسلامی ئیستای عێراق و هاتنەسەرکاری دەوڵەتێک کە دوور لە ناسنامەی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی بە چاوێکی ئازاد و یەکسان تەماشای هەموو دانیشتوان بکات، دەتوانێ کۆتایی بەم کێشە و دووبەرەکیە بهێنێت. بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی دەوڵەتی کرێکاری کە ئەلتەرناتیڤی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە، بەشێوەیەکی ڕیشەیی ئەو کێشەیەش چارەسەر دەکات. لەهەمانکاتدا تا کاتێک ئەم هەلومەرج و کێشەیە بەردەوام بێت، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری خەبات دەکات بۆ چارەسەری ئەم گرفت و کێشەیە لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە ڕێگەی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد و گشتیەوە و هەروەها لە دژی هەرجۆرە هەنگاوێکی توندوتیژ و سەربازی بۆ بەرگرتن بەم هەڵبژاردنە ئازادانەیە دەوەستێتەوە. ......

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەڵاڵە جۆاوجۆرەکانی فیدرالیزمی نەتەوەیی بۆ کوردستان کە لەلایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە دەخرێتە ڕوو، نە تەنها بە هەنگاوێکی ڕوولەپێش نازانێت بەئاقاری چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، بەڵکو ئەمانە بە گەڵاڵەیەک دادەنێ بۆ هەتاهەتایی کردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردو غەیرە کورد لە چوارچێوەی ولاتێکی یەکپارچەدا، هەروەها بۆ ئەبەدیکردن و شەرعییەت دان بە جیابوونەوە نەتەوەییەکان و زەمینەسازیی بۆ درێژەپێدانی دژایەتی و کێشمەکێشە نەتەوەییەکان لە ئایندەدا.......